
# کوردستان داوای زیاتر لە 380 ملیار دۆلار لە بغدا دەکات وەک قەرەبووی زیانەکانی ڕژێمی پێشوو



ئەمڕۆ پێنجشەممە، 29ـی کانوونی دووەمی 2026، فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پاپرتکی تایبەت و وردی دەربارەی داتا و خەماندنی ئەو زیانانە باوکردووە کە لە ئەنجامی تاوانەکانی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق لە نێوان ساڵانی 1963 - 2003 بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامدراون.

بگەڕێ لە پاپرتکە کەدستی موتەبع کووتوو، قەبارەی ئەو زیانە دارایییانەی بەهۆی سیاسەتە چەوسێنەرەکان و تاوانە جەراوجەرەکانی ڕژێمی پێشوو بە هەرێمی کوردستان گەیشتوون، بە 384 ملیار و 600 ملیۆن دۆلار دەخەمێنرێت.

وردەکاریی زیانەکان لە لاپرتکەدا بەم شێوەیە پێناسە کراون:

1- زیانە مرۆییەکان: گەورەترین بەشی زیانەکان پێکدەهێنێت و بە 306ملیار دۆلار خەمێنراوە.

2- زیانە ماددییەکان: بڕی 32.8 ملیار دۆلار زیانی ماددی بە ژێرخان و ماڵ و سامانی هاووڵاتیان کەوتووە.

3- زیانی ژینگەیی و ناپاستەوخۆکان: بەهای تێکدانی ژینگە و لێکەوتە ناپاستەوخۆکان، بڕی 10 ملیار دۆلار زیان تۆمارکراوە.

4- پشتگوێخستنی بڕئینقەست و دووبارە ئاوەدانکردنەوە: بڕی 35 ملیار دۆلار دیاریکراوە بۆ ئەو ناوچانەی بۆ ئینقەست پشتگوێ خراون و پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوە هەیە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ژمارەی پێشووی عێراق زنجیرەیەک تاوانی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر گەلی کوردستان ئینجامداوە، لەوانە کیمیاباران، ئینفال و وێرانکردنی هەزاران گوند.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری جێخت دەکاتەوە؛ بگۆڕی دەستووری عێراقی فیدراڵ، حکوومەتی ئێستای عێراق وەک میراتگری ژمارەکانی پێشوو، بەرپرسیارێتییەکی یاسایی و دەستووری لەسەر و دەبێت قەرەبووی زیانلێکەوتووانی خەڵکی کوردستان بکاتەوە و ئەو بڕە پارەیە وەک مافێکی ڕەوا بە گەلی کوردستان بگەڕێنێتەوە.